# ئەو "كەوتن"ـەی كە

# وەک خودامان لێ دەکات



**سلاڤۆی ژیژەک**

وەرگێڕانی: ڕوشدی جەعفەر، وەلید عومەر

(بەشی دووەم)

**وتەیەک:**

بەشی دووەمی ئەم وتارە، پەیوەندییەکی ناوەکیی بە بەشی یەکەمەوە هەیە و لەسەر ئایدیای **کەوتن** دەڕواتەپێشەوە. سوبێکتیڤیتەی ئێمە بەجۆرێک هەڵکەوتووە کە **کەوتن** لەڕووی لۆژیکییەوە کەوتووەتە پێشمانەوە نەک دوامانەوە. ئێمە دەبوو **کەوتن**ێک وەک پێشگریمانەی خۆمان وەربگرین تا درێژە بە گەشەی مرۆیی خۆمان بدەین. **کەوتن** بەر لەوەی ڕووداوێک بێت، پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆژییە. بەجۆرێک ئۆنتۆلۆژییە کە لە مانا دینی و دەروونناسی و نیهیلیستییەکانی پاکیدەکاتەوە. شتەکە لە بابەتی ئارەزوو دەچێت کە بەر لەوەی‌پ ڕۆسەی ئارەزووکردنمان دەستپێکردبێت، لەدەستچووە و هەر ئەو لەدەستچوونەشە کۆمەکماندەکات وەک سوبێکتێکی مرۆیی درێژە بە ئارەزووکردن بدەین. **کەوتن**، ڕووداوێکی ڕاستەوڕاست و پڕ و پۆزەتیڤانە نیە ڕوویدابێت و ئێستاش هەوڵبدەین قەرەبووی بکەینەوە یان بگەینەوە خاڵی پێش **کەوتن**. **کەوتن**، گەرچی حەکایەتێکی دینییە، بەڵام ئاماژەشە بۆ ئاڵۆزییەکی زیاتر دەرهەق بەوەی کە ئێمە لە چەقی سوبێکتیڤیتەماندا هەڵگری نێگەتیڤیتە و کەلێنین. ئێمە بوونێکی پڕ و پۆزەتیڤمان نەبووە کە دواتر لێی بێبەش بووبین، بەڵکو بوونمان سووڕانەوەیە بە دەوری کۆمەڵێک چەمکی سەر بە **کەوتن**دا کە بزوێنەری ژیانمانن. ئێمەی مرۆڤ، پارچەیەکی هێند هارمۆنی نین کە شتێکمان لێ کەوتبێت و ئێستاش هەروا میکانیکیی و هارمۆنییانە هەوڵبدەین لەڕێگەی پرۆژە تەکنۆلۆژییەکانەوە بیخەینەوە جێی خۆی. لەم ڕووەوە هەردوو چەمکی سرووشت(nature) و ڕۆح (spirit) لەم نوسینەدا ئامادەن تاکو تێبگەین ئێمە هەروا بەشێوەیەکی ڕێک و ڕیزبەندی و میکانیکی لە سرووشتەوە نەکەوتووینەخوارەوە بۆ نێو ڕۆح، بەڵکو کێشەکە دیالەکتیکی و پێچاوپێچترە. لەم نوسینە و لە نەریتی ئایدیالیزمی ئەڵمانییدا، سرووشت ئاماژەیە بۆ پێکهاتەیەکی ئۆرگانی و زیندوو نەک پانتاییەکی مادیی مردوو. ڕۆحیش، ئاماژەیە بۆ ئاگایی مرۆیی و کۆی چالاکییەکانی لە مێژوودا و هەروەها هەڵگرتنەوەی سرووشت لەخۆیدا و بردنی بەرەو غایەتێکی بالاتر، یان وەک لە

ئایدیالیزمی ئەڵمانیدا باسدەکرێت ڕۆح سرووشتێکی خودئاگایە. واتە نە سرووشت ڕووبەرێکی ساغ و جودایە لە ڕۆح و نە ڕۆحیش ساغ و سەربەخۆیە لە سرووشت. وەک لە نوسینەکەدا هاتووە: ڕۆح، برینی سرووشتە. مرۆڤ خۆی هەر جۆرە یەکێتییەکی جەوهەری لەنێوان ئەم دووانەدا دەشێوێنێت و ئامادەیی مرۆڤ نیشانەی ئەو نەسازانە هاوکات لێکدانەبڕاوەیانە. ڕۆح بەردەوام دەگەڕێتەوە تا سرووشت داپۆشێت، بەڵام شکستدێنێت و هەر ئەم شکستەشە کە ڕۆح درووستدەکات نەک ئەوەی ڕۆح پێشوەخت بوونێکی پڕ و موجەب و پۆزەتیڤی هەبێت. ئێمە بە هەردوو ڕەهەندی سرووشت و ڕۆحیشەوە، ڕیشەیەکی پێشوەخت پێدراو و پاکژمان نەبووە تا لەدەستچووبێت و نۆستالیژیامان بۆی هەبێت. بەڵکو بەپێی فەلسەفەی نێگەتیڤیتە، ئێمە لەگەڵ نەفیی نەفیدا هەڵدەکەین. کاتێک نەفیی یەکەم هەوڵدەدات شتێک نەفی بکات، ئەوا ژێستێک دووبارەدەکاتەوە و گوڕ بۆ شتێک دەخواتەوە کە بەشێوەی ڕیترۆئەکتیڤ درووستیدەکات. ڕۆح کاتێک هەوڵدەدات نەفیی سرووشت بکات ئەوا لەم میانەی پرۆسەی نەفیکردنەکەدا خودی ڕۆحیش درووستدەبێت و سەرەنجام ناچارە کەموکورتییەکەی خۆی قبوڵبکات. بەم مانایە، **کەوتن** بریتی نیە لە داراییەکی لەدەستچوو بەڵکو خودی لەدەستچوونەکەش لەدەستچووە(واتە پەیوەندییمان بە لەدەستچوونەکەشەوە پەیوەندییەکی نەفیکارانەیە نەک ڕاستەوڕاست و پۆزەتیڤانە). **کەوتن**، شتێک نیە کەوتبێت، بەڵکو پرۆسەیەکە لەگەڵماندا ڕوودەدات و ئاماژەیە بۆ نەفییەکەی ناو بوون کە بەناو ئێمەشدا تێدەپەڕێت و پانتاییە کۆمەڵایەتییەکەشمان تووشی نوقسانی دەکات کە پێیدەوترێت ئەویتری گەورە(خۆش ئەوەیە ئەویتری گەورە یان پانتاییە ڕەمزی و کۆمەڵایەتییەکەیئ ێمەی مرۆڤ خۆیشی پانتاییەک نیە پێشوەخت پێدراو بێت و بەپری ئا لەویا بێت، بەڵکو بریتییە لە ئێمە و ڕێساکانمان کە نەفی و بۆشاییەکی مەرکەزیی تیا ڕسکاوە- ئێمەیەکە دەرەکی بووەتەوە و نوقسانییەکی تێکەوتووە). ئێمە بەپێی چیرۆکەکەی تەورات بۆ ساتێک خودا بووین، بۆیە خودابوون خۆیشی پێویستی بە **کەوتن**ێکە. خواردن لە بەری داری زانین، خوایەتی درووستدەکات بەڵام

تووشی کەوتنیشت دەکات. ژیژەک لە کتێبی "دەربارەی باوەڕ"دا خواوەند بەو جۆرە دادەڕێژێتەوە و پێناسەدەکاتەوە کە چەشنی ئێمە نوقسانە. نوقسانیی ئێمە، نوقسانیی خواوەند و مەقامی خوایەتییشە. گەر ئیلحادێکی ماتریالیستییش لەم تێزەوە وەرگرین ئەوا خودا هەوڵدەدات ببێتە خودا، بەڵام شکستدێنێت و مرۆڤی لێ دەکەوێتەوە. پیگەی خوایەتی پێگەیەکی بۆشی ترانسێندێنتاڵە و تەنیا دەتوانین بەدەوریدا سوڕبخۆین نەک داگیری بکەین. لە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیشدا، ئێمە مامەڵە بە نەفیی نەفییەوە دەکەین. هەمیشە پاش کەوتنێک، پاش لەدەستچوونی دەسپێکێکی بونیادی، هەوڵدەدەین دەسپێکەکە پۆزەتیڤبکەین و شوێنەواری خۆمانی بەسەردا بێنین و ئەو ژێستە بنوێنین کە خاوەنی دەسپێکەکەین. شتەکان دوو جار ڕوودەدەن کە جاری دووەمیان هی ئێمەیە و بەشێوەیەکی ڕیترۆئەکتیڤ بەسەر جاری یەکەمدا دەچینەوە و نەفیی دووەم ئەنجامدەدەین. ئێمە لەکۆدا، بەر لەوەی ئاگایانە کەوتبین، نائاگایانە کەوتووین و چارمان نیە جگە لەوەی بەشێوەی ڕیترۆئەکتیڤ و پاشەوپاش چارەنووسی بونیادیی خۆمان قبوڵبکەین. بە مانایەکی تر، "کەوتن" تەنیا کەوتن  نیە بۆ نێو ئازادی، بەڵکو ئەو ئازادییە پێشوەختە بوونی هەبووە: ئادەم و حەوا لەڕێگەی پەیبردن، گۆڕینی گۆشەنیگا، خۆ-پۆزەتیڤکاریی ڕیترۆئەکتیڤەوە ئەو ئازادییە بەدەستدێنن کە پێشوەختە هەیانبووە- ئەم ئازادییە  ڕێکەوتە، بەڵام کاتێک نیگایەکی ڕوولەدوای تێدەگرین، دەبێتە زەرورەت. ئەوەی لێرەدا بەدیی دەکەین، خوێندنەوەیەکی "ماتریاڵیستانە"ی   خۆ-پۆزەتیڤکارییە، کە هیگڵ ناویدەنێت "پاشەکشە و هاتنەدوای موتڵەق": ئەنجام، بە شێوەیەکی ڕیترۆئەکتیڤ، هۆکاری خۆی  درووستدەکات. لە لای ژیژەک، ئەوەی   خۆ-پۆزەتیڤکاریی هیگڵی لە خۆ-پۆزەتیڤکاریی ئایدیاڵیستی و فیختەیی جیادەکاتەوە ئەوەیە کە بونیادێکی وەک شکستی  هەیە: سوبێکت هەوڵدەدات خۆی بنوێنێتەوە، لە جیهانی ماتریاڵیستی دەربچێت، بەڵام لەمەدا شکستدێنێت، سوبێکتیش ڕێک بریتییە لەم شکستە.  ڕەخنەی ژیژەک لە "پرۆژی تاقانەیی"ش ئا لێرەدا نوستووە: دەیانەوێت بمانگەڕێننەوە

بۆ دۆخێک کە سوبێکتیڤیتەی تیا لەدەستچووە. سوبێکت وەک دەرەنجامی ئەو کەلێن و بۆشاییە دەردەکەوێت کە تاقانەیی دەیەوێت تەرەیبکات. تەفسیری ژیژەک بۆ ئاشتبوونەوەش لەگەڵ خودا، تەفسیرێکی ماتریاڵیستییە: ئێمە تەنیا لە هەناوی جڤاتی مرۆییدا، ئیمکانی دەستڕاگەیشتمان هەیە بەم ئاشتبوونەوە و یەکگرتنەوەیە- ئەو شتەی حەوارییەکانی عیسا تێی نەدەگەیشتن، کاتێک چاوەڕوانی گەڕانەوەی مەسیحیان دەکرد، و ئەوەیان نەدەبینی خودی پێکەوەبوونەکەیان ڕۆحی پیرۆزە. سەرەنجام پێویستە بڵێین بەبێ چەمکی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤ لە فەلسەفە و قووڵاییەکانی، بەتایبەت هی دونیای نوێ، تێناگەین. عەقڵی باو بەگشتی لەسەر چەمکی پرێتی و پۆزەتیڤیتە کاردەکات نەک نێگەتیڤیتە. دوو چەمک کە لە نوسینی ئێمەدا خۆی ونە و زەمینەیەکیش بۆ ئەو جیهانبینییە سازنەبووە کە وێنای ئاڵۆزییەکانی ئەم دوو چەمکە بکات.

هەروەك بینیمان، (هەندێك) لە لایەنگرانی **تاقانەیی،** لە گۆشەنیگایەكی هیگڵییانەوە، وەك ئاشتبوونەوەی دوایینی نێوان زەین(mind) و واقیع(reality)، وەك سارێژكەری برینی **كەوتن،** شرۆڤەیان بۆ شتەكە كردووە. بەهەرحاڵ، خوێندنەوەیەكی لەم چەشنە سەرتاپا ناكۆكە لەگەڵ لێكدانەوەكەی هیگڵدا بۆ **كەوتن.** بە گوێرەی خوێندنەوە ستانداردەكەی قەشە پۆڵس، خودا **یاسای** بە مرۆڤەكان بەخشیوە تا لە گوناهەكانیان بەئاگایان بێنێتەوە، تەنانەت وایان لێ بكات زیاتریش گوناهـ بكەن، هەر بەم پێیەش لە پێویستییان بە ڕزگاری ئاگاداریانبكاتەوە كە تەنیا لەڕێگەی فەیز و سەرڕێژبوونی خوداییەوە دێتەدی. بەڵام ئاخۆ ئەم خوێندنەوەیە تێگەیەكی[1] سەیروسەمەرە و لادەری خودا نیشاننادات؟ تاقە ڕێگایەك بۆ دووركەوتنەوە لە خوێندنەوەیەكی هێند لادەرانە، جەختكردنەوەیە لەسەر شوناسی موتڵەقی دوو ژێستەكە: خودا **سەرەتا** بەرەو گوناهـ ڕامانناكێشێت تا زەروورەتی ڕزگاربوون بخوڵقێنێت و **پاشانیش** خۆی وەك ڕزگاركەری ئەو گرفتانە دەربخات كە هەر خۆی هەوەڵجار تووشی كردووین. شتەكە بەو جۆرە نیە كە **ڕزگاربوون** بكەوێـتە دوای **كەوتن:** [بەڵكو] **كەوتن** هاوتا و هاوشوناسی ڕزگاربوونە، پێشوەخت "لە خودی خۆیدا" ڕزگاربوونە. واتە، ئەگەر لە وەڵامی پرسیاری "ڕزگاربوون چیە؟" بڵێین تەقینەوەی ئازادیـیە، دەربازبوونمانە لە كۆتوبەندە سرووشتییەكان- ئەوا دەقاودەق ئەم شتەیە كە لە **كەوتن**دا ڕوودەدات. دەبێت لێرەدا گرژیی سەنتراڵی نێو تێگە مەسیحییەكەی **كەوتن** بیری خۆمان بێنینەوە: **كەوتن**("گەڕانەوە و وەپاشچوون" بەرەو دۆخی سرووشتی، ڕامكران لەلایەن جۆشوخرۆشەكانەوە) بە مانای هەرە وردی وشەكە هاوتایە لەگەڵ ئەو ڕەهەندەی لێیەوە دەكەوین، واتە، ئەوە ڕێك بزاوتی **كەوتن**ە كە ئەو شتەی تیایدا لەدەستچووە دەخوڵقێنێت و ئاوەڵادەكات.

هەموومان ئایدیا سەرەكییەكەی(مۆتیف)ـی ڤاگنەر لە كۆتا پارچەی پارسیفالەكەی دەزانین: "هەر ئەو ڕمەی بریندارماندەكات، خۆیشی دەتوانێت برینەكەمان سارێژبكات". هیگڵیش هەمان شت

---

[1] notion

دەڵێت، ئەگەرچی بە زمانێك کە بەرەو ئاراستە پێچەوانەکەی لایداوە: ڕۆح خۆی ئەو برینەیە کە هەوڵدەدات تیماریبکات، واتە، برین خۆکرد و لەخۆ-دەرە[2]. واتە ئەگەر بپرسین: ڕۆح لە ئاستە هەرە سەرەتاییەکەیدا چیە؟ ئەوا "برین"ـی سرووشتە: سوبێکت هێزی هەرە گەورە و موتڵەقی نێگەتیڤیتەیە، کەلێنێك یان بڕاوییەک[3] دێنێتە نێو یەکێتییە پێشوەخت دراو و جەوهەرییەکەوە، هێزی جیاکردنەوە و "بەئەبستراکتکردن" و لێکهەڵوەشانەوەیە، وەك شتێکی خۆ-ڕاگرتوویش[4] مامەڵە لەگەڵ ئەو شتە دەکات کە بەفیعلی بەشێکە لە یەکێتییەکی ئۆرگانی. هەر لەبەر ئەمەشە تێگەی "لە خۆنامۆبوون"ـی ڕۆح(ئەو ڕۆحەی لە ئەویترێتی‌یەکەیدا[5]، لە دەرەکیبوونەوە و ئۆبێکتیڤبووندا، لە ئاسەوار و پاشهاتەکانیدا خۆی لەدەستدات) لەوە پارادۆکسانەترە کە دەردەکەوێت. دەبێت ئەم تێگەیە هاوشان بە جەختکردنەوەکەی هیگڵ لە سرووشتی سەرتاپا نا-جەوهەریی **ڕۆح** بخوێنینەوە: هیچ res cogitansێك، واتە هیچ شتێک(کە وەك خەسڵەتێکی سرووشتیی خۆی) بیربکاتەوە، بوونی نیە؛ ڕۆح هیچ نیە بێجگە لە پرۆسێسی زاڵبوون بەسەر بێ‌میدیۆمی و ڕاستەخۆیی سرووشتی، و برەودان بەم بێ‌میدیۆمییە، ڕاکێشانە نێو خۆی یان "خودابڕین" لێیەوە، هەروەها(بۆچی نا؟) خۆنامۆکردن لێی.

بەم پێیە، پارادۆکسەکە ئەوەیە هیچ خود(self)ێك پێش لەخۆنامۆبوونی ڕۆح بوونی نیە: ئەوە ڕێك پرۆسێسی نامۆبوونە کە "خود" دەخوڵقێنێت/بەرهەمدێنێت؛ ئەو خودەی کە ڕۆح لێی جیادەبێتەوە و نامۆیە پێی و دواتریش بۆی دەگەڕێتەوە. (لێرەدا هیگڵ پێچێك بە دەوری ئەو تێگە ستانداردەدا لێدەدات کە نوسخەیەکی شکستخواردووی نەزانراو (X) پێشگریمانەی نەزانراوەکە دەکات وەك نۆرم(پێوەر)ی خۆی: نەزانراو دروستدەکرێت، فەزاکەی دەکێشرێت، ئەمەش تەنیا لەڕێگەی شکستە

[2] Self-inflicted
[3] cut
[4] Self-standing
[5] otherness

دووپاتبووەکانی گەیشتن پێی). لەخۆنامۆبوونی ڕۆح بەتەواوەتی هاوشێوە و هاوکاتی نامۆبوونێتی لە ئەویترەکەی(سرووشت)، چونکە ڕۆح لەڕێگەی "گەڕانەوە بۆ خودی خۆی" لەنێو نغرۆبوونەکەیەوە لە **ئەویترێتیی** سرووشتیدا خۆی درووستدەکات. بە دەربڕینێکی تر، گەڕانەوەی ڕۆح بۆ خۆی دەقاودەق ئەو ڕەهەندە دەخوڵقێنێت کە بۆی دەگەڕێتەوە. (ئەم قسەیە دەربارەی تێکڕای مەسەلەی " گەڕانەوە بۆ ڕەگوڕیشەکان" درووستە: کاتێك لە سەدەی نۆزدە بەولاوە، دەوڵەت-نەتەوە تازەکان لە ناوەڕاست و خۆرهەلاتی ئەورووپادا درووستدەبوون، ئەوە هەمان کەشف و گەڕانەوە بۆ "ڕەگوڕیشە ئیتنییە کۆنەکان" بوو کە ئەم ڕەگوڕیشانەی درووستکرد).

ئەمە بەو مانایە دێت کە "نەفیی نەفی"، "گەڕانەوە بۆ خۆ" لە نامۆبوونەوە، لەو شوێنەدا ڕوونادات کە وادەردەکەوێت تیایدا ڕوودەدات. نێگەتیڤیتەی ڕۆح لە "نەفیی نەفی"دا ڕێژەییبنابێتەوە، ناخرێتە ژێر پۆزەتیڤیتەیەکی سەراپاگیرەوە؛ بەپێچەوانەوە، نێگەتیڤیتەی ڕۆح بریتییە لەو "نەفییە سادە"یەی کە بەستراوەتەوە بەو پۆزەتیڤیتە گریمانکراوەی وا نەفیی‌دەکات، بەو **ئەویترێتییە** گریمانکراوەی کە خۆی لەوەوە نامۆدەکات و خۆی لێ دابڕ دەکات. ئەوەی بەدوای ئەمەشدا دێت ئەوەیە کە "نەفیی نەفی" هیچ نیە جگە لە نەفیکردنی سرووشت و خەسڵەتی جەوهەریی خودی **ئەویترێتی،** قبوڵکردنی تەواوەتیی چاڵوخەرەندەکەی ڕۆحی خۆ-گرێدەر[6]، کە بە شێوەیەکی پاشەوپاش تێکڕای پێشگریمانەکانی خۆی پۆزەتیڤدەکات. بە دەربڕینێکی تر، کاتێك یەکجار پێمان خستە ناو نێگەتیڤیتەوە، ئیدی هەرگیز لێی دەرناچین و جارێکی تر پاکیزەیی لەدەستچووی ڕەگوڕیشەکان بەدەستناهێنینەوە. ئەوە تەنیا لە "نەفیی نەفی"دایە کە ڕەگوڕیشەکان بەفیعلی لەدەستدەچن، تیایدا خودی لەدەستچوونەکەشیان[7] لەدەستدەچێت، و لە پێگەی جەوهەریی ئەو شتەی لەدەستچووە بێبەشدەکرێت.

[6] Self-relating

[7] loss

**ڕۆح** برینەکەی نەك بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ، بەڵکو لەڕێگەی دەستهەڵگرتن لە خودی ئەو جەستە ساغڵەمەی وا برینەکەی تێ کەوتووە، سارێژدەکات. کتومت بەم مانایە، بە پێی هیگڵ، "برینەکانی ڕۆح سارێژدەبن، و هیچ جێ زام و ئاسەوارێك بەجێناهێڵن". مەبەستی هیگڵ ئەوە نیە کە ڕۆح بە تەرزێکی هێند کامڵ برینەکانی تیماردەکات، کە لە ژێستێکی جادوویانەی ئاوفهیبۆنگی پاشەوپاشدا[8]، تەنانەت ئاسەوارەکانیشی نامێنن. بەڵکو خاڵەکە ئەوەیە، لە ڕەوتی پرۆسێسی دیالەکتیکیدا، بازدانێك لە گۆشەنیگادا ڕوودەدات کە دەبێتەهۆی ئەوەی برین خۆی وەك پێچەوانەکەی دەربکەوێت- کاتێك لە گۆشەنیگایەکی تر لێی دەڕوانین، برین خودی سارێژبوونەکەیەتی. لە ئاستە هەرە وردەکەدا ئەم **ڕێکەوتبوونەی دژەکان**[9] وەك خودئاگایی شیاو دەردەکەوێت، واتە، سوبێکت وەك بیرکردنەوە:

«بە شێوەیەکی ئەبستراکت، خراپەکاربوون واتە بە شێوازێکی وەها خۆم بەشەکی و سینگولاریزە بکەم کە لە **گشت** دامدەبڕێت(و بریتییە لە پرسی عەقڵانی، یاساکان، خەسڵەتپێدانەکانی ڕۆح). بەڵام هاوتەریب بەم جیاکردنەوەیە، بوون-بۆ-خۆ، و بۆ یەکەمجاریش یاسا ڕۆحانییە گشتییەکان- ئەو شتەی دەبێت بکرێت، دەردەکەون. واتە مەسەلەکە ئەوە نیە کە تێبینیکردن/عەقڵانی پەیوەندییەکی دەرەکیی بە خراپەوە هەیە: بەڵکو خۆی خراپەیە[10]».

ئەمەش دەمانباتەوە بۆ [حەکایەتی] **پەیدابوون**. ئاخۆ چیرۆکی **کەوتن**یش دەقاودەق هەمان شت ناڵێت؟ مارەکە بەڵێن بە ئادەم و حەوا دەدات، بە خواردنی بەری درەختی زانین، وەک خودایان لێ دێت. دوای ئەوەی ئەوانیش لێی دەخۆن، خودا دەڵێت: "بڕوانن، ئادەم و حەوا وەکو ئێمەیان لێ هاتووە"، ڕاڤەکەی هیگڵ ئەوەیە: "کەواتە مارەکە درۆی نەکردووە، چونکە خودا ئەوە

---

[8] Retroactive sublation

[9] coincidence of opposites

[10] G.W.F.Hegel, Vorlesungen ueber die Philosophie der Religion II,

پشتڕاستدەکاتەوە کە وتی." پاشانیش ئەو بانگەشەیە ڕەتدەکاتەوە کە گوایە خودا بە مەبەستێکی تەوساوییەوە ئەمە دەڵێت: "پەیبردن[11] پرەنسیپی ڕۆحانیەتە... هەروەها ئەو پرەنسیپەشە بەهۆیەوە برینی جیابوونەوەوە سارێژدەبێت. ڕێك لەنێو پرەنسیپی پەیبردندایە کە پرەنسیپی "خوایەتی"[12]یش پێشگریمانە و پۆزەتیڤدەکرێت."

لێرەدا زۆرگرنگە شوێنپێی تێکڕای هێڵە ئەرگۆمێنتسازییەکەی هیگڵ هەڵبگرین، و بوێریی ئەو خاڵە پشتگوێنەخەین کە دەیخاتەڕوو، و ئەم بڕگە هاوشان لەگەڵ بڕگەیەکی تریشدا کە تیایدا جەخت لەوە دەکاتەوە زانینی سوبێکتیڤ تەنیا بریتی نیە لە هەڵبژاردنی خراپە یان چاکە: «ئەوە تێبینیکردن یان پەیبردنە کە خەڵکی بەرەو خراپە ڕادەکێشێت، بە جۆرێك خودی تێبینیکردن و پەیبردن خراپەن، و بەم پێیەش پەیبردنێکی وەها ئەو شتەیە کە نابێت بوونی هەبێـت، چونکە، سەرچاوەی خراپەیە». بە کورتی، مادام بیرکردنەوە هاوکات خراپە و ئاشتبوونەوەشە، ئەو شتەی دەمانکاتە ***خودایی*** دەقاودەق کەوتنمانە (بۆ نێو خراپە). هیگڵ ئالێرەدا ڕوون و ڕاشکاوە: بیرکردنەوە تەنیا بژاردەی نێوان چاکە و خراپە ئاوەڵاناکات، بەڵکو بیرکردنەوە، بە مانای حەرفیی وشەکە، خراپەیە چونکە ئەو ڕەنگدانەوە و ڕوولەخۆییەی هەڵگرێتی وایلێدەکات لە دووری و مەودایەکەوە لە یەکێتیی جەوهەری و ڕاستەوخۆدا بەگەڕبخرێت. ئێمە کاتێک بیردەکەینەوە، خەریکین یەکێتیی ئۆبێکتی بیرکردنەوەکە هەڵدەدڕین و شیتاڵی دەکەین. هاوکات، ئەم مەودا ڕوولەخۆ و ڕەنگدەرەوە زمنییەی ناو بیرکردنەوە مانای ئازادی دەگەیەنێت(ئێمە لە هزرەکانماندا ئازادین- لانیکەم، بە شێوەیەکی ڕواڵەتی و فۆرماڵ [نەک پڕ و جەوهەری و کۆنکرێتی]).

دەبێت بەم چەشنە لەو وتەیەی هیگڵ لە *فینۆمینۆلۆژیا*دا تێبگەین کە خراپە خودی ئەو نیگا زەقەیە وا لە هەر چواردەوری خۆیدا خراپە دەبینێت. ئەو نیگایەی خراپە دەبینێت خۆی لەو

[11] cognition
[12] divinity

**گشتە** کۆمەڵایەتییە دەردەکات وا ڕەخنەی دەکات، ئەم دەرکردنەش تایبەتمەندیی فۆرماڵی خراپەیە[13]. هیگڵ دەستدەخاتە سەر ئەو پنتە کە چاکە تەنیا لەڕێگەی ئەم بژاردە سەرەتاییی/ پێکهێنەرەی خراپەوە وەك شیمانە و ئەرکێك دەردەکەوێت: ئێمە دوای هەڵبژاردنی خراپە، و بە ئاگاهاتنەوە لە پێگە هێجگار ناکافییەکەمان، ئەزموونی چاکە دەکەین.

خوێندنەوەی هیگڵ بۆ **پەیدابوون**، کە هێند ڕچەشکێنانەشە، لە دوو بابەتی (پەیوەندیدار)دا هێجگار کورتدەهێنێت. هۆیەکەشی ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی گوایە هیگڵ هێند لەژێر کۆتەبەندی ڕۆژگار [و هزری] خۆیدا بووە نەیتوانیوە ئەو ڕەهەندانە ببینێت کە فەرامۆشیکردوون. بە شێوەیەکی زۆر پارادۆکسانەتر، لێرەدا هیگڵ، لە هەردوو دۆزەکەدا، **بە ڕادەی پێویست هیگڵی نیە**، چونکە شکستدێنێت پێچلێدانکی تەواو هیگڵیانەیان بە دەورا لێدات.

*یەکەم*، هیگڵ کاتێك خەسڵەتەکانی کەسی خراپەکار دەستنیشاندەکات، خراپە کورتدەکاتەوە بۆ ساتەوەختێکی بەشەکێتی[14] دژ بە گشتێتی[15] (خۆپەرستیی سرووشتی، هەڵسوکەوتی خۆپەسەندانە...) هەر لەبەر ئەمەشە، وەکئەوەی هیگڵیش دەیڵێت، هەر فیگەرێکی تەواو خراپەکار هەندێك خەسڵەتی چاکەکاری دەنوێنێت. وەك چاوەڕێشدەکرێت، هیگڵ ئاماژە بە **شەیتان**ی نێو "*بەهەشتی لەدەستچوو*"ی جۆن میلتۆن بدات، کە دیارە فیگەرێکە خاوەنی دەسەڵاتێکی گەورەی شەخسییە، بە شوێن پرۆژەیەکدا دەڕوات کە وەك پرۆژەیەکی ئیتیکییانەی قووڵ ئەزموونیدەکات...بەڵام ئاخۆ شیڵینگ لەم پنتەدا زۆر قووڵتر ڕۆنەچوو کاتێك (لە کتێبی *دەربارەی ماهیەتی ئازادیی مرۆیی*[16]*دا*) پێگەیەکی پرەنسیپدار (و نا-پاتۆلۆژی، بە مانا کانتییەکە)ی خراپەی

---

[13]. واتە گەر خۆت وەک بەشێکی فۆرماڵ لە دەرەوەی گشتە واقیعییەکەوە بهێڵیتەوە، ئەوا لەقووڵاییدا لە پێگەی خراپەدا وەستاویت چونکە خۆت لەو ناوەڕۆکە کۆنکرێتییانە بواردووە کە تۆش بەشێکیت لێیان و تێکرا یەک کۆ و یەک گشت درووستدەکەن. چاکە و خراپە لێرەدا دوو تێرمن کە بەشێوەیەکی زەینی لە پەیوەندییدا بە بەش و گشتەوە دەخوێنرێنەوە-و

[14] particularity

[15] universality

[16] On the Essence of Human Freedom

کەشفکرد، کە پێگەیەکی هەر لەڕیشەوە ڕۆحانییە؟ خراپەی ڕاستەقینە هیچ پەیوەندییەکی بە خۆپەرستیی بەشەکی و بەرژەوەندییە نەرجسییەکانەوە نیە؛ بەڵکو پرۆژەیەکی پۆزەتیڤ و ڕۆحانییە، کە خەڵکی ئامادەن لە پێناویدا تەنانەت قوربانی بە ژیانی خۆیشیان بدەن(وەکو نازییەکان بۆ قەلاچۆکردنی جووەکان کردیان یان کۆمۆنیستە ستالینییەکان بۆ لەناوبردنی ترۆتسکییەکان یان تێکشکاندنی بەرهەڵستیی *کۆلاکەکان* کردیان). ئەگەر هیگڵ بەتەواوەتی لەگەڵ کرۆکی هزری خۆیدا یەکانگیر و هەماهەنگ بووایە، تەنانەت دەبووایە وتبای کە خودی چاکە هیچ نیە جگە لە خراپەیەکی گشتەکی و گشتێنراو، خراپەیەك کە بەسەر ئەوانیتردا زاڵدەبێت و پێگەی گشتێتی بەدەستدێنێت. ڕەخنەی هیگڵ لە **گشتێتیی ئەبستراکت**یش[17] ئا لێرەدایە: لە لای ئەو، دەقاودەق بەو پێیەی شۆڕشگێڕە فەڕەنسییەکان بەتەواوەتی پرەنسیپدار و بە شێوەیەکی کەلەڕەقانە و بێڕەحمانە بە شوێن ئەو گشـتێتی‌یەدا ڕۆیشتن کە سەرەنجام تەواوی ناوەڕۆکە کۆنکرێتی و بەشەکییەکان دەکاتەدەرێ، کەسانی خراپەکار بوون لە **تیرۆر**ەکەیاندا. بەم پێیە، کاتێك ناوەڕۆکی کۆنکرێتی و بەشەکی لەگەڵ گشتێتی[یەکی ئەبستراکت و فۆرماڵ]دا ئاشتەوا نیە، ئیدی ئۆباڵی هەڵەکە، تەنانەت لەوە زیاتریش، دەکەوێتە ئەستۆی گشتێتیی"ئەبستراکت".

ئەمە بەرەو لای *دووەم* کورتهێنانی هیگڵمان دەبات، کە تەنانەت گرنگییەکەی لە باسوخواسەکەمان زیاترە. کاتێك هیگڵ وەك Entzweiung، وەك جیابوونەوە یان خۆجیاکردنەوە لە **موتڵەق** پێناسەی خراپە دەکات، ئیدی بە شێوەیەکی کرۆکپ (لە خوێندنەوەکەیدا بۆ **کەوتن**) ئەو ڕاستییە سەرەکییە لەبیردەکات کە کاتێك **موتڵەق** دەکەوێتە بەرامبەر بەشەکێتیی "کەوتوو"ـەوە، ئەوا گوناهبارەکە و بەرپرسیارە ڕاستەقینەکە **موتڵەق** خۆیەتی. ئەوەی هیگڵ دەبووایە وتبای (مادام ئەمە شتێکە و ڕاشکاوانە لە لۆژیکی ناوەکیی فیکری خۆی دەکەوێـتەوە) ئەوەیە، لە تێکڕای مەسەلەی **کەوتن**دا خراپەکاری ڕاستەقینە **خودا** خۆیەتی کە مرۆڤە بەراییەکان توڕەداتە نێو **کەوتن**ەوە.

---

[17] abstract universality

ئەوەی تەنانەت شتەکان خراپتریش دەکات، ئەوەیە لەجیاتیی ئەوەی بە ڕوونوڕەوانی ئەمە بکات، دەست لە مەسەلەکە دەشوات و **کەوتن** وەك پاشهاتی بڕیارێکی مرۆیی "ئازاد" دەخاتەڕوو. لەبەر هەمان هۆکاریشە، مەسیحییەت لەگەڵ لەخاچدانی عیسادا دەگاتە ترۆپکی خۆی، دیمەنێك کە تیایدا Entzweiung (کە لە لای هیگڵ بە شێوەیەکی فۆرماڵ پێناسەی خراپە دەکات) بە تەرزێکی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاو لە کەلێنی نێوان خودا و مرۆڤەکانەوە گواستراوەتەوە بۆ نێو خودا خۆی کە (لە ساتەوەختی تۆقێنەری "باوکە، بۆ بەجێتهێشتم؟")دا درزی تێدەکەوێت و لە خۆی جیادەبێـتەوە. ئەو کاتیگۆرییەی لەبار و شیاوە بۆ جێگۆڕکێی ئەو کەلێنەی ئێمە لە خودا جیادەکاتەوە بۆ ئەو کەلێنەی خودا لە خۆی جیادەکاتەوە، بەکاربهێنین، بریتییە لە نەسازان[18]: ئەو زاراوەیەی کە سێ جار لە بڕگەیەکی سەرەکیی پێشەکی *"فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح"*ی هیگڵدا بەریدەکەوین، ئەوەی کە تێیدا شەرحێکی هەرە کورتوپوخت دەربارەی ئەوەی سەیرکردنی *جەوهەر*[19] *وەك سوبێکت*یش چ مانایەکی هەیە، پێشکەشدەکات:

«ئەو نەسازانەی لە ئاگامەندیدا لەنێوان (من) و جەوهەردا سەرهەڵدەدات کە بابەت[ ئۆبێکت]ی خۆیەتی، دەبێت بە جیاوازی لەنێوانیاندا؛ بەگشتی، لایەنی ڕەتدانەوە[ و نێگەتیڤە]. ئەمە کەموکورتیی هەردوو لایەنەکە دەردەخات، کە لە هەمان کاتدا دەبێت بە گیان بۆ جووڵانیان. لەبەر ئەم هۆکارە، چەند بیریاریکی سەردەمی دێرین لەو باوەڕەدا بوون "بۆشایی" بنەمای جووڵان بێت. ئەوان، هەرچەندە لە خودی ڕەتدانەوە (پرسی نەفی و نێگەتیف- the negative)تێنەگەیشتبوون، بەڵام بە درووستی نەفی و ڕەتدانەوەیان بە بنەمای جووڵان داناوە. لە سەرەتاوە ڕەتدانەوەکە وەکو جیاوازی لە نێوان (من) و بابەتەکەیدا دەردەکەوێت، بەڵام جیاوازییەکە لەنێوان جەوهەر و خودی خۆیدایە. هەر شتێك لە دەرەوەیدا ڕوودەدات و دژی

---

[18] disparity

[19] substance

ڕاوەستێت، خۆی دەیکات و جەوهەر خۆی وەکو (خۆ)[ سوبێکت] نیشان دەدات».[20] خاڵە یەکلاکەرەوەکە هەڵگێڕانەوە و ئاوەژووکردنەوەی کۆتاییە: **جیاوازیی نێوان سوبێکت و جەوهەر، هاوکات، جیاوازیی جەوهەریشە لەگەڵ خۆیدا**، یان گەر پەنا بۆ زاراوە لاکانییەکان ببەین، **نەسازان** بەو مانایە دێت کە نوقسانیی[21] سوبێکت هاوکات نوقسانیشە لە ئەویتری گەورەدا. سوبێکتیڤیتە ئەوکاتە دەردەکەوێت کە جەوهەر شکستدێنێت لە بەدەستهێنانی هاوشوناسییەکی تەواو لەگەڵ خۆیدا، کاتێك جەوهەر لە خودی خۆیدا، بەهۆی مەحاڵێتییەکی خۆنشین یان ئەنتاگۆنیزمەوە، "شەقیبردووە" و تێدەپەڕێنرێت. بە کورتی، جەهلی ئەپستمۆلۆژیی سوبێکت، شکستەکانی لە دەستڕاگەیشتنی تەواوەتی بە ناوەڕۆکی جەوهەری، هاوکات ئاماژەیە بۆ سنورداری/شکست/نوقسانییەك لە هەناوی خودی ناوەڕۆکی جەوهەری[22]دا. ڕێك ئا لێرەدا دیوی سەرەکیی شۆڕشی تیۆلۆژیی مەسیحیەتیش بەدیدەکەین: نامۆیی مرۆڤایەتی لە خودا دەبێت بهاوێژرێتە سەر/ بگەڕێنرێتەوە بۆ خودی خودا، وەك نامۆیی خودا لە خۆی(ناوەڕۆکی تەئەمولیی تێگەی *کینۆسیس*ی[23] خوایەتیش هەر لێرەدا نوستووە).

ئەمە نوسخە مەسیحییەکەی ناو تێڕوانینی هیگڵە دەربارەی ئەوەی چۆنچۆنی نەسازانی نێوان سوبێکت و جەوهەر بە مانای نەسازانی جەوهەریش دێت لەگەڵ خۆیدا. هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە، یەکێتیی مرۆڤەکان و خودا لە مەسیحیەتدا بە شێوازێکی وەها بەگەڕخراوە کە لەڕەگوڕیشەوە لە شێوازی دینە بتپەرستەکان جیاواز بێت، کە تیایاندا مرۆڤەکان لە هەوڵ و تەقەلایاندا بۆ تێپەڕاندنی ئەو کەوتنەی لە خودا جیایکردوونەتەوە، دەبێت بوونی خۆیان لە مەتریاڵی پیسوچەپەڵ پاکبکەنەوە و خۆیان بگەیەننە پێگەیەکی باڵا تا سەرلەنوێ لەگەڵ خودادا یەکبگرنەوە. بەپێچەوانەوە، لە

---

[20] بە کەمێک دەستکارییەوە وەرگیراوە لە: فینۆمینۆلۆجیی هۆش، جۆرج ویلهێڵم فریدریك هیگڵ، وەرگێڕانی د.محەمەد کەمال، لا 76

[21] lack

[22] Substantial content

[23] kenosis

مەسیحیەتدا، ئەوە خودا خۆیەتی لە خۆی دادەکەوێت [ و جیادەبێـتەوە]؛ دەبێتە مرۆڤێکی کۆتادار و فانی کە خودا وازی لێ هێناوە(لە فیگەری مەسیح و شیوەنگێڕانەکەی بەسەر خاچەوە "باوکە، بۆ **جێتهێشتم؟**")، مرۆڤەکانیش تەنیا لەڕێگەی هاوشوناسبوون لەگەڵ ئەم خودایە، کە خۆی دەستبەرداری خۆی بووە، دەتوانن لەگەڵ خودادا یەکبگرنەوە**.**

هیگڵ، دووبارە، لە خوێندنەوەکەیدا بۆ **پەیدابوون،** ئەم دیوە پشتگوێدەخات: تەنیا دەربارەی جیابوونەوەی مرۆڤ لە خودا دەدوێت، شکستدێنێت لە ئاماژەکردن بەوەی کە ئاشتبوونەوە [ و یەکگرتنەوە]ـی نێوان خودا و مرۆڤ، (تەنانەت بە تەرزێکی بنەڕەتیتریش) ئاشتبوونەوەی خوداشە لەگەڵ **خودی خۆیدا.**

ئەوە تەنیا لەڕێگەی تەبابوونەوە و ئاشتبوونەوەیە لەگەڵ مرۆڤەکاندا کە خودا بەڕاستی دەبێتە خودا(بە مانا ڕاستەقینەکەی **گشتێتیی کۆنکرێتی**ی ئەم تێگەیە)، کەواتە ئاشتبوونەوەی خودا و مرۆڤایەتی ڕووداوێکی سەنتراڵە لە/بۆ[24] خودا خۆیدا**...** بەهەرحاڵ، دیدە سەرەکییەکەی هیگڵ بە تەواوەتی وەک دیدێکی ڕەوا و هەماهەنگ و پەیوەست دەمێنێتەوە: چونکە بە لای هیگڵەوە، ئێمەی مرۆڤ، نەك لەڕێگەی لابردن و تێپەڕاندنی **کەوتنەوە،** و بە جۆرێك لە جۆرەکان دەستبەرداربوون و تووڕدانی بەربەستی[25] بوونی جەستەیی کۆتادارمان و جوولان بەرەو ڕەهەندێکی تر کە هەڵگری واقیعیەتێکی بالاترە، بەڵکو بەهۆی ئاشتبوونەوە لەگەڵ (ئەو شتەی وادەردەکەوت) بەربەستە و قبوڵکردنی ئەوەی ئەم "بەربەستە" ڕۆڵێکی پۆزەتیڤ لە ڕاگرتن و پاراستنی فەزای ئەو شتەی وادەردەکەوێت بەربەستی بۆ درووستکردووە، دەگێڕێت، دەتوانین نەمری و ناکۆتا بەدەستبهێنین**.**

لە ئاستی گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتییدا، ئەمە بەو مانایە دێت کە پێویستە خۆمان لە هەر هەڵهێنجانێکی نامۆنەکراوی داهاتوو بپارێزین کە لە مەیلە هەنوکەییەکانەوە سەرچاوەدەگرێت**.** ئەو

---

[24] In and for

[25] obstacle

شێوازە بیرکردنەوەیە( واتە، لۆژیکی "ئێمە ئێستا لە ساتەوەختێکی چارەنووسسازی نامۆبوونی موتڵەقین[26]، و ئیمکانی دەستدانە ئەکتیش وەك بریکارەکانی زاڵبوون بەسەر نامۆبووندا، ئاوەڵایە بۆمان") سەرتاپا نامۆ و ناکۆکە بە هیگڵ کە بەبەردەوامی جەختی لەسەر سرووشتی ڕیترۆئەکتیڤی تێپەڕاندنی نامۆبوون دەکردەوە: ئێمە بەهۆی درککردنمان بەوەی پێشوەختە بەسەر نامۆبووندا زاڵبووین، ئیدی بەسەریدا زاڵدەبین. بە دەربڕینێکی تر، لە زاڵبوون بەسەر نامۆبووندا، هیچ شت "بەڕاستی ناگۆڕێت"- ئێمە تەنیا گۆشەنیگای خۆمان بەرەو لایەکی تر دەجووڵێنین و بەر ئەو ڕوانگەیە دەکەوین کە چۆنچۆنی ئەو شتەی وەك نامۆبوون دەردەکەوت هەلومەرجی ئیمانێنت و خۆنشینی لەنامۆییخستنە[27]، پێشوەختە لە خودی خۆیدا لەنامۆییخستنە. ڕێك بەم مانایەیە کە هیگڵ، لە (ئینسایکلۆپیدیا) "بچووك"ەکەیدا، واتە لە *لۆژیك* دا، تێگەیشتنی خۆی دەربارەی ئەو حەقیقەتە دەخاتەڕوو وا لە هەڵەوە سەرچاوەدەگرێت[28]، و بە شێوەیەکی تەمومژاوی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت «حەقیقەت تەنیا لەم هەڵەیەوە سەردەردەهێنیت": "ئێمە لە پانتایی کۆتاداریدا[29] نە دەتوانین ئەزموونی ئەوە بکەین مەبەست[30] بەڕاستی بەدەستهێنراوە نە دەتوانین بشیبینین. بەم پێیە، بەدەستهێنانی مەبەستی ناکۆتا تەنیا لەسەر ئاوفهیبۆنگکردنی ئەو وەهمە بەندە، کە ئەم مەبەستە هێشتا بەدەستنەهێنراوە. چاکە، چاکەی موتڵەق، بە شێوەیەکی هەمیشەیی، خۆی لە جیهاندا بەدیدەهێنێت، بەرەنجامەکەش ئەوەیە کە پێشوەختە لە/بۆ خودی خۆیدا بەدیهاتووە و پێویستی بە چاوەڕێکردنی ئێمە نیە تا بەدیی بهێنین. ئەمە ئەو وەهمەیە تیایدا دەژین، هاوکات، ئەو وەهمەشە کە ئەو ڕەگەزە کارایە پێکدەهێنێت وا بەرژەوەندییمان لە دونیادا بەسەریەوە بەندن. ئایدیا لەنێو خودی پرۆسێسەکەیدا ئەم وەهمە بۆ خۆی بەرهەمدێنێت؛ ئەوێکی تر پێشگریمانە و

---

[26] Utter alienation

[27] Dis-alienation

[28] La verite surgit de la meprise

[29] the finite

[30] purpose

پۆزەتیڤدەکات کە ڕووبەڕووی خۆی دەبێتەوە، چالاکییەکەشی لەسەر ئاوفهیبۆنگکردنی ئەم وەهمە بەندە. حەقیقەت تەنیا لەم هەڵەیەوە دێتەدەرێ، ئا لێرەشدا ئاشتبوونەوەمان لەگەڵ هەڵە و کۆتاداریێتی‌دا پەنهانە. ئەویتریێتی یان هەڵە، وەك شتێکی ئاوفهیبۆنگکراو، چرکەساتێکی زەروریی حەقیقەتە کە دەتوانێت تەنیا لەو شتەدا بوونی هەبێت وا دەیکاتە بەشێك لە ئەنجام و ئاقیبەتی خۆی».

بەکورتی، ئەوپەڕی فریو ئەوەیە لەوە تێنەگەین کە ئەو شتەی بەدوایدا دەگەڕێین پێشوەختە هەمانە، وەکو حەوارییەکانی عیسا کە چاوەڕێی زیندووبوونەوە "حەقیقی"یەکەی ئەویان دەکرد، و چاوی خۆیان لە حاست ئەو ڕاستییە نوقاندبوو کە خودی پێکەوەبوونەکەیان پێشوەختە **ڕۆحی پیرۆزە**[31]، گەڕانەوەی عیسای زیندووە. بۆ تێگەیشتن لەم پرۆسێسەی وەهمی زەرووری دەبێت وردتر بونیادی ئەو کاتەکیبوونە[32] بپشکنین کە لێرەدا ئاماژەی بۆ کراوە.

با نمونەیەکی (ڕەنگە) سەرسامکەر لە دونیای ئۆپێرا بهێنینیەوە. لە دوادواییەکانی ئەکتی یەکەمی elisir damore، شاکاری دۆنیزێتی، بڕگەیەك هەیە کە بە شێوەیەکی مۆسیقی مانای بنەڕەتیی ئاوفهیبۆنگی هیگڵی نیشاندەدات("سەبلەیشن" یان retroactive re-positioning). ئۆپێراکە سێ‌کەسییە هاوشان لەگەڵ کۆرسێکدا؛ سێگۆشەی عەشقەکە پێکهاتووە لە **<u>ئەدینا</u>**، ژنێکی قەشەنگ و دەوڵەمەند، و **<u>نیمۆرینۆی</u>** خاوەن کێڵگەکە کە گەوج و ساویلکەیەکە و بە شێوەیەکی قووڵ کەوتووەتە داوی عەشقی ئەدیناوە؛ **<u>بێلکۆر</u>**، سەربازێکی لووتبەرز و بوغرا کە ئەویش دەیەوێت زەواج لەگەڵ ئەدینادا بکات. نیمۆرینۆ پاش ئەوەی دەبیستێت ئەدینا بە نیازە هەمان ئێوارە هاوسەرگیری لەگەڵ بیلکۆردا بکات، لێی دەپاڕێتەوە زەواجەکە دوابخات، بەڵام بێلکۆر دڵڕەقانە پێی‌دەڵێت گۆڕی خۆی گومبکات: "سوپاسگوزاری خودا بە ئەحمەق کە

[31] Holy spirit
[32] temporality

شێتی/ یان سەرخۆش./ ئەگەر ئێستا تەواو و بەئاگا بوویتایە/ نەفەسم لێ دەبڕیت، هەڵمدەدڕیت/ مادام دەتوانم خۆم ڕکێف بکەم/ لاچۆ، گۆڕت گومبکە، هەی گەمژە". دیارە جادووەکە لەوەدا پەنهانە کە چۆنچۆنی ئەم ئاڵوگۆڕە سادەیە بەموزیککراوە: کاریگەرترین ڕستە va via, buffone, ti acondi a me (واتە، گۆڕت گومبکە، ئەحمەق!) بە شێوازێکی شەڕەنگێزانە بەیاندەکرێت بەڵام دواتر وەك باگراوەندی عەشقە دووانەییە زاڵەکە پێشگریمانە و پۆزەتیڤدەکرێتەوە. لە کۆتایی ئەم سیانەیەدا، پێشوەخت ئارامی و ئاشتەوایی بەدەستهاتووە، ئەگەرچی هیچ یەکێك لە بەشداربووانیش نازانن.

ئەو شتەی لێرەدا بە لامانەوە گرنگە ئەم کاتە سەیروسەمەرە و ناوبەینەیە، ئەو کاتەی (وەک فۆرمەکە دەریدەخات) شتەکان پێشوەختە بڕاونەتەوە، تەنانەت ئەگەر هێشتاش بەشداربووان لەسەر ململانێکانیان بەردەوام بن... ئاخۆ ئەمانە چرکەساتەکانی بەرەکەتی پەتی نین، نەک بەو مانایەی کە هیچ ململانێیەک لەئارادا نیە، بەڵکو بەو مانایەی ئەو ململانێیەی لەئارادایە، پێشوەختە لەنێو ئەم فەزای ئاشتبوونەوەیەدا درێژە بەخۆی دەدات؟ ئێمە لە ڕۆژگاری شڵەژانە سیاسییەکانیشدا بەر ئەم کاتە بەیناوبەینە دەکەوین. کاتێک لە ڤەنزوێلا گایدۆ بانگەشەی ئەوەی دەکرد تاقە سەرۆکی شەرعیی وڵاتەکەیە و پشتگیرییەکی نێودەوڵەتیشی هەیە، وەختێکیش ئەکتەکەی شەپۆلێکی تازەی ناڕەزایی گشتیی لێکەوتەوە کە پاڵپشتیی ئەویان دەکرد، ئیدی ئەویش لە ٧ی شوباتی ٢٠١٩دا ڕایگەیاند: «ئەوان (ڕژێمەکەی مادۆرۆ) پێشوەختە تێکشکاون. لە ئێستادا، تاقە دوژمنمان نائومێدییە. لە ئێستادا، تاقە دوژمنمان گومانە. لە ئێستادا، تاقە دوژمنمان ترسە». بەڵام لەکاتێکدا گایدۆ بارودۆخەکەی وەک بارودۆخێکی یەکلابووەوەی پێشوەخت و بڕاوە نیشاندەدا، شتەکان ئاڵۆزترن و بارودۆخەکەش نادڵنیاترە: مادۆرۆ زۆرجار وەک کەسێکی "پێشوەختە مردوو" توڕدراوە، بەڵام تا ئێستاش هەموو قەیرانێکی بە سەلامەتی تێپەڕاندووە. تاقە شێوازێک تا بە ڕاست و درووستی وەسفی بارودۆخەکە بکەین، بەم جۆرەیە: ئەگەر، لە کۆتاییدا، گایدۆ

سەرکەویت و ڕژێمەکەی مادۆرۆ بڕووخێت، ئەوکاتە ئێمە دەتوانین (بە شێوەیەکی ڕیترۆئەکتیڤ) بڵێین گەمەکە دەمێکە کۆتاییهاتووە. کاتێک ڕووخانەکە(بەشێوەیەکی هەڵکەوتانە) ڕوودبدات، دەتوانین بڵێین پێشوەختە ڕوویداوە، ئەمەش شتێکی زەرووری بوو تا ڕووبدات.

قۆناغی نێوبەینی و نێوەنجی لەنێوان هەردوو پچڕانەکەدا پەرەدەسێنێت: شتەکان وردەوردە لە واقیعدا گۆڕانیان بەسەردا دێت، ڕژێمی باڵادەست لاوازدەبێت، چونکە ئێمە هەر لەبنەڕەتەوە پێشوەخت وای دادەنێین لەدەستچووە و کۆتاییهاتووە. ساتێکی دیاریکراو دێتەپێشێ و ئەم گریمانەیە دێتەدی و ڕژێمەکە بەشێوەیەکی فیعلی دادەڕووخێت. دەبێت لۆژیکی «شتەکان دەگۆڕێن چونکە پێشوەخت گۆڕاون و حەقیقەتە جەوهەرییەکەی خۆیانیان لەدەستداوە»، بەهۆی جەمسەرە پێچەوانەکەیەوە کامڵبکەین: لە ئاستی ماتریاڵییدا وردەوردە شتەکان هەموویان گۆڕانیان بەسەردا دێت، ئەم گۆڕانەش ژێرەوانکێ و پەنهانییە، هەروەکو تەشەنەکردنی پەتایەکی کوشندە؛ ئەو دەمەی ململانێکە دەتەقێتەوە تازە کار لە کار ترازاوە و شەڕەکە وەک دیفاکتۆ دەستپێدەکات. لێرەدا وەسفی هیگڵ بۆ ئەم پرۆسەیە، پڕ بە بەری خەباتی ڕۆشنگەرییە دژی ڕۆحە دینییە کۆنەکە: پەرەسەندنی پلەپلەی ڕوانینی پەتیی ڕۆشنگەری «قابیلی بەراوردە بە پەرەسەندنێکی بێدەنگ یان با بڵێین بڵاوبوونەوە لە فەزایەکی لەدەستدەرچوودا». ئەمە پەتایەکی دزەتێکەرە و پێشتر خۆی وەک شتێکی جیا نەدەخستە پێش چاوان کە پێچەوانەی میدیۆمێکی بێباک بێت بۆیە ناتوانین بەری پێ بگرین. تەنیا ئەوکات ئەم پەتایە هەڵدەکشێت کە ئاگاییەکی زیندووی هەبێت و بەبێ کۆتومەرج کاریگەرییەکەی خۆی هەڵگرێت.

" لەم شێوەیەدا، پەیوەندیکردنی تێڕوانینی ڕەوان لەگەڵ پەرشوبڵاوبوونەوەیەکی بێدەنگدا یان با بڵێین بڵاوبوونەوەی بۆن لە ئاووهەوایەکی گونجاودا بەراورددەکرێت. تووشبوونی نەخۆشی لە سەرەتاوە دەرناکەوێت. کاتێک بڵاودەبێتەوە، ئاگامەندی گوێی پێدەدات و هەستی پێدەکات،

چونکە سرووشتی ئەو شتەی ئاگامەندی وەری دەگرێت، سادەیە  و لەگەڵیدا هاوڕەگەزە... لە ئاکامدا کاتێک ئاگامەندی تێڕوانینی ڕەوان دەناسێت، تێڕوانینەکە پەرشوبڵاوبووتەوە؛ تێکۆشان دژی ئەو بێسوودە و نەخۆشییەکە بڵاوبووەتەوە. کات بۆ لەناوبردنی درەنگە، هەر شتێک بکرێت نەخۆشییەکە سەختتر دەکات، چونکە چووەتە نێو مۆخی ژیانی گیانەکی... ئێستا، وەکو گیانێکی نەبینراو و هەستپێنەکراو، دەچێتە نێو لایەنە چاکەکانەوە و بەخێرایی دەست بەسەر هەموو ئەندامە گرنگەکانی پەیکەرە بێئاگاکەدا دەگرێت؛ ئینجا( لە بەیانییەکی  خۆشدا ئانیشکێک لە هاوڕێکەی دەدات، پیایدا دەکێشێ، پەیکەرەکە دەشکێ و دەکەوێتە سەر زەوی[33]).''

هەموومان ئاشنای ئەو دیمەنە کلاسیکەی ناو فیلم کارتۆنەکانین[34]: پشیلەکە دەگاتە سەر هەڵدێرەکە، بەڵام هەر بەردەوامە و بەسەریدا ڕێدەکات، ئاگاشی لەو ڕاستییە نیە کە ژێر پێی بۆشە. تەنیا ئەوکات دەکەوێتە خوارەوە کە سەیری ژێر خۆی دەکات و سەرنجی خەرەندەکەی ژێر پێی دەدات. ڕژێمەکانیش ئەودەم شەرعیەت و ئۆتۆریتەی خۆیان لەدەستدەدەن کە چەشنی پشیلەکە لە هەڵدێرەکەی ژێر پێی خۆیان دەڕوانن. بۆ ئەوەی بکەوێت پێویستی بەوەیە سەیرێکی بۆشاییەکەی ژێر خۆی بکات، بەڵام پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە: کاتێک شەرعیەتی ڕژێمێک لە قەیرانی کۆتایی خۆی نزیکدەبێتەوە، وەک ڕێسایەک هەڵوەشانەوەکەی پێویستی بە دوو هەنگاوە. بەر لە داڕمانە واقیعییەکەی، پچڕانێکی تەمومژاوی ڕوودەدات: کتوپڕ هەموان تێدەگەن یارییەکە کۆتاییهاتووە و ئیدی ترس وەبەر خۆیان نادەن. نەک هەر ڕژێمە ڕەوایەتیی خۆی دەدۆڕێنێت بەڵکو پیادەکردنی دەسەڵاتەکەشی وەک پەرچەکردارێکی تۆقیوانەی خەسیو وەردەگیرێت. ڕیزارد کاپۆشینسکی (ـی نوسەری پۆڵەندی)، لە کتێبی شاهەنشا(Shah of Shahs)دا کە ڕاپۆرتێکی کۆنە سەبارەت بە شۆڕشەکەی خومەینی دژی ڕژێمی پاشایەتی، بەوردی ئەم

---

[33]. G.W.F. Hegel, Phenomenology of Spirit, p. 297. وەرگیراو لە وەرگێڕانە کوردییەکەی محەمەد کەمال- و

[34]. بڕواناکەم کتێبێکی من هەبێت و بۆ جارێکیش بێت ئاماژەیەکی بەم کارتۆنە تیا نەبێت(ژیژەک).

چرکەساتی پچڕانە دەگێڕێتەوە: لە چوارڕیانێکی تاراندا، کاتێک پۆلیسێک دەخوڕێتە خۆپیشاندەرێک ئەو ناوە جێبێڵێت کەچی خۆپیشاندەرەکە بەگوێی ناکات و پۆلیسەکە بە شەرمەزارییەوە لەو ناوەدا نامێنێت. لە ماوەی چەند کاژێرێکدا هەموو تاران بەم ڕووداوە دەزانن، و گەرچی شەڕوپێکدادان هەفتەیەک درێژەی هەبوو بەڵام هەمووکەسێک دەیزانی یارییەکە کۆتاییهاتووە[35].

(کەوتن)ـە نێو عەشقیش هەر بەپێی ئەم درزە زەمەنییە دیاریدەکرێت: لە یەکێک لە چیرۆکەکانی هێنری جەیمسدا، پاڵەوانەکە باسی ژنێکی نزیکی خۆی دەکات و دەڵێت: «خۆشی دەوێم و ناشمناسێت» [واتە بەر لەوەی دەرهەق بە من بەئاگابێتەوە، خۆشی دەوێم]. ئەوەی لێرەدا دەیبینین هاوتایەکی فرۆیدییە بۆ تێستە بەناوبانگەکەی "بنیامین لیبیت" دەربارەی ویستی ئازاد(free will): تەنانەت بەر لەوەی ئاگایانە بڕیاربدەین(بۆنمونە پەنجەمان بجووڵێنین)، ئەوا پرۆسەیەکی کۆدەمارییانەی شیاو لە کاردایە، واتە بڕیارە ئاگایانەکانی ئێمە تەنیا سەرنجی ئەو شتانە دەدات کە لەڕووداندایە، زیادکردنی ئیرادەیەک بۆ سەر ئەو شتەی کە ئەنجامدراوە. بە لای فرۆیدیشەوە، بڕیاردان شتێکە دەکەوێتە پێش ئاگاییەوە. بەڵام ئیتر هەرچۆنێک بێت ئەمە پرۆسەیەکی تەواو دەرەکی و ئۆبێکتیڤ نیە، بەڵکو بڕیارێکی نەستەکی و ناخودئاگایانەیە. فرۆید لێرەشدا دەچێتەوە پاڵ شیلینگ کە پێیوابوو بڕیارێکی تەواو ئازادانە شتێکی ناخودئاگایانەیە، هەر لەبەر ئەمەشە ئێمە ئا لەم (کات)ـەدا ناکەوینە ناو عەشقەوە. پاش (ماوەیەکی عادەتەن درێژخایەن) لە ئاسبوون و کڕکەوتنی مت و نهێنی، کتوپڕ لەوە بەئاگادێینەوە کە( پێشوەخت) کەوتووینەتە ناو عەشقەوە. هەروەکو مەسەلەی **کەوتن**، کەوتن(ـە ناو عەشقیشەوە) هەرگیز لە چرکەساتێکی دیاریکراودا ڕوونادات. شتێکە هەمیشە و پێشوەخت ڕوویداوە. [بە دەربڕینێکی تر،

[35] Ryszard Kapuscinski, Shah of Shahs, New York: Vintage Books 1992.

عەشق بەشێوەیەکی ڕیترۆئەکتیڤانە و پاشەوپاش ڕوویداوە و ئێمە هەمیشە ساتێک درەنگتر بەئاگادێینەوە کە شتێکی لەو جۆرە ڕوویداوە و کەوتووینەتە نێو ڕووداوەکەوە].

بە دەربڕینێکی تر، ئازادی پەیوەندیی بە توانای تۆوە نیە بۆ وەستانەوە بە ڕووی ئازاردا. ئەم جۆرە وەستانەوە و بەرهەڵستییە خۆی لە سرووشتەوە دێت. ئازادی، ئەودەم دەستدەکات بە چێژوەرگرتن کە تۆ ئازاردەکێشیت. لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٩، پۆلیسی باڵای مانچستەر، بەبێ ئەوەی هیچ تاوانێکی کردبێت، خاتوو جۆیس بێردزی تەمەن ٩٣ ساڵانی دەستگیرکرد- تاکە تاوانی ئەو بریتی بوو لەوەی "ئاواتی مردن"ی دەخواست. تەندرووستیی ئەو داکەوتبوو و دەیویست بەر لەوەی درەنگ ببێت قۆڵبەست بکرێت و ببرێتە یەکێک لە بنکەکانی پۆلیس تاکو یاسا ڕووبەڕووی دیوە هەڵەکەی خۆی بکاتەوە[36]. گەر شتێکی وا بوونی هەبێت ئەوا ئەم کردەیە کردەی ئازادی بوو.

هەر ئالێرەشدایە کە دەتوانین جیاوازییەکەی نێوان سارتەر و لاکان فۆرمولەبکەین: بە لای سارتەرەوە، کردەی ئازادانەی بنەڕەتی[37]، ئەو ڕێگەیەیە کە سوبێکت «خۆی تیا هەڵدەبژێرێت»، ئەو پرۆژە وجودییەی تیا فۆرمولەدەکات کە شوناسەکەی دەناسێنێت: ئەمە ئەکتێکی خود-ئاگایانەیە [و سوبێکت بە ئاگاییەوە کردەیەک دەنوێنێت و شتێک هەڵدەبژێرێت] . بە لای سارتەرەوە، نەست بوونێکی بەشتبووی جەوهەریی هەیە، ئەو شتەیە کە بەشێوەیەکی دەرەکی و ئۆبێکتیڤ خەسڵەت بە من دەبەخشێت. بەپێچەوانەوە، بە لای لاکانەوە، هەڵبژاردنە سەرەتاییەکە شتێکی ناخودئاگایانە و نەستەکییە چونکە نەست خەسڵەتپێدانی جەوهەرییانە نیە بە سوبێکت بەڵکو بنچینەییترین ئاستی ڕەنگدانەوە و ڕوولەخۆبوونی سوبێکتە.

---

[36] https://www.theguardian.com/uk-news/2019/jun/25/woman-93-arrested-as-a-dying-wish-after-being-good-all-her-life

[37] the basic free act

**سەرچاوە:**

* THE FALL THAT MAKES US LIKE GOD, PART 2 , SLAVOJ ŽIŽEK: The Philosophical Salon.